دۆسیێ

ساڵی بیستەم - ژمارە ( 5442 ) هەینی (1/ 4 / 2011)

کوردستانی نوێ

# سەرکۆماری شەهید

## ڕێزلێنان لەقازی محەمەد



# بۆچی ڕۆژی شەهیدبوونی قازیی نەمر؟

ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاسایی یادکردنەوەی سەرکردەو ڕەمزە نیشتمانییەکانی هەر وڵات و میللەتێك لەڕۆژی لەدایکبوونیاندا دەبێت، بەڵام هەموو ڕۆژەکانی ژیانی سەرۆك کۆماری شەهید پێشەوا قازی محەمەد شایانی یادکردنەوەو لەسەر وەستانە. چونکە جگەلەوەی سەرکردەیەکی خاکی و تێکۆشەرێکی زاناو قاڵبووی ناو خەباتی جەماوەریی بوو، بەکردەوەو بەبەخشینی گیانی خۆی لەپێناوی میللەتەکەیدا ئەوەشی سەلماندەوە کەتێکۆشەرێکی مەیدانی و عەمەلییەو گیرۆدەی تیۆری و گوتەزای ناو کتێبان نییە. بۆیە بەو پێیەی ئاماژەمان پێدا هەموو ڕۆژەکانی ژیانی قازی شەهید گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی شەهیدبوونی ئەم کەڵەپیاوەی ناو مێژووی نوێی کوردایەتیی بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بەکردەوەو بەبەخشینی گیانی خۆی ئەوەی سەلماند کە لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا میللەتەکەی بەجێناهێڵێ و هەمیشە ئامادەی قوربانیدانە لەپێناوی گەلەکەیدا، لەلایەکی ترەوە شەهیدبوونی قازی بوو بەرەمزێك بۆ ڕەوایی مەسەلەی کوردو وەکو ڕەمزێکی بەرگریی نیشتمانی و نەتەوەیی چووە ناو مێژووەوە، بۆیە یادکردنەوەی قازی لەڕۆژی شەهیدبوونیدا هێندەی یادی ڕۆژێکی پرشنگدارو درەوشانەوەیە لەمێژووی ژیانی ئەم تێکۆشەرە خۆنەویستەدا یادی غەم و ناخۆشی نییە. وەکو دەزانین لەدوای شەهیدکردنی قازی محەمەد هەم بکوژانی قازی و هەم فەرماندەو شاکانی دوای شەهیدبوونی قازی چۆن بوون بەمەسخەرەی مێژوو و بەڕیسوایی چوونە ناو مێژووەوە، بەڵام قازی و هاوڕێکانی بوون بۆ هەمیشە بوون بەچرای ڕووناکی ناو چوارچراو مێژووی گەلی کورد، بوونە جێگای فەخرو شانازیی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە. بەرزو پیرۆزبێ یادی قازی شەهیدی هەمیشە زیندوو.

# لەیادی چراکاندا

**(من نەسووتێم و تۆ نەسووتێی، ئێمە نەسووتێین ئەی چۆن مەشخەڵەکان لەتاریکیدا دەرکەون).**

**نازم حیکمەت**

65 ساڵ لەمەوبەر لەشاری مهاباد پایتەختی موکریان لەمەیدانی چوارچرا دێوەزمەکانی دەسەڵاتی سەردەم فویان لەچرای تەمەنی سێ کوردپەروەری ماندوونەناسی رێگای ئازادی سێ مرۆڤ دۆست کرد پێیان وابوو بەشەهید کردنی قازی محەمەدو سەیفی قازی و حەمەحسێن خانی قازی رەورەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی رادەگرن بەربەست بۆ ئازادی دادەنێن بەری خۆر بەبێژنگ دەگرن، ئەمە میتۆدی سیاسی هەموو داگیرکەرانی کوردستانە، داگیرکەران توانییان بۆ ماوەی چەند ساڵێ شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان خەفە بکەن، بەڵام نەیانزانی ئەم خەفەیە هەزاران چرای تری داگیرساند، هەزاران پێشەوای تری گۆش کرد هەروەك هێمنی موکریانی دەڵێ:

**پێم گرتەوە دەرچووم لەدارە دارە**
**رێم گرتەوە رێگەی قازی و ئاوارە**

پێشەوا هەوێنی ئاشتی بوو هەربۆیە بەهێمنی سەری نایەوە، پێشەوا بۆ گەل ژیا، بۆیە رازی نەبوو بۆ ساتێکیش لەنیشتمان و خەڵك دوور بێ. ئەو پێی وابوو خوێنی خۆی ئاشتی دەخولقێنێ، رێگە دەگرێ لەخوێ رشتنی خەڵك، هەرواش بوو، راستە پێشەوا لەموکریان کۆچی کرد، بەڵام هەتا ئێستاش لەدلی یەك بەیەکی هەر هاونیشتمانییەکی کورد بەگشتی و موکریان بەتایبەت بەزیندوویی ماوە.

لەدوای لەسێدارەدانی پێشەواو هاوەڵانی، لەو ساڵانەدا زۆر خێزانی کورد هەبوون گەر خوا نەوەیەکی پێ ببەخشینایە، بەناوی قازی محەمەدەوە ناویان دەنا.

جێی داخە دەسەڵاتدارانی شای ئێران لەو سەروبەندەدا جگە لەشەهیدکردنی قازی محەمەدو سەیفی قازی و حەمەحسێن خانی قازی، لەشارەکانی نەغەدەو بۆکان چەند رۆڵەیەکی تری کوردیان لەسێدارە دا لەوانە عەلی بەگی شێرزاد لەشاری بۆکان و حامید مازووچی، سەدان کەسیان لەهۆگرانی ئازادی لەژوورەکانی زیندان توند کرد، بەسەدانیشیان ئاوارەی گەرمێن و وڵاتانی دەوروبەر بوون کە پاشتر بوونە هەوێنی زۆر شۆڕش و راپەڕین کە نەیانهێشت رێگای پێشەواو هاوەڵانی کوێر بێتەوە

**جەمال لۆلۆ**











## بـارودۆخـی کوردستان پێش کۆمار:

سێپتەمبەری ساڵی 1941 هێزەکانی بەریتانیاو سۆڤیەت خۆیانکرد بەئێرانداو بوون بەپاڵپشتی ئەو رژێـمـەی کەرەزاشای پەهلەوی زۆر بـەزەحـمـەت پێکیەوەنا. لەهەمان ئـەوولاتـەدا کەسەربازی ئێرانی چەکەکانیان دەفرۆشت یانیش توڕیان دەدا بۆ ئەو خێڵە گەرۆکانەی تاکو ئەوسا بەکێوە سەختەکانی ئێرانەوە مابوون، ئەوانەی تاکو ئەو رۆژانەیش رەوشو نەریتی کۆنیان تێدا مابوو شای پێشوویش زۆری کۆشی دەستیان بەسەردا بکرێت. ئەو خێڵە کوردانەیش کە شاخەکانی سەر سنوری عـێراقو تورکیا یان داگـیر کرد لەوانەبوون کەهەلی هەرەسەکانیان قۆستەوە، دەسەڵاتیان هەر لەشاری ماکۆی لاپاڵی باکووری شاخی ئاراراتەوە بوو تاکو قەسری شیرین کە دەکەوێتە سەر ئەو شارێیەی کرماشان دەبەستێت بەبەغداوە.

لەباکوردا، بنکە سۆڤیەتیە بەهێزەکانی لەرەزائییە، شاهپوور، خویو ماکۆدا دامەزرابوون، ئەو هۆزە کوردانەیان گەمارۆدابوو کەلە شاخەکانی رۆژئاوای گۆمی ورمیێ دەژیان و بەوەی رژێمێکی ئەوتۆ بەهێز لەئێراندا نەبوو، سۆڤیەتییەکان راستەوخۆ پەیوەندیان بەست لەگەڵ هۆزی جەلالی لە باکوور، شکاك لەرۆژئاوای شاپوورو خێلەکانی هەرکی لەرۆژئاوای رەزائییە.

سۆڤیەتیەکان سەرۆکی ئەو هۆزانەیان سەرپشك کرد بەوەی کارو باری تایبەتی خۆیان ئەنجام بدەن، جگە لەراگرتنی ئاسایشو بەخشینی دانەوێڵە بەلەشکری سور بەولاوە چیتریان نەویست. لەبەشی خوارەوەی ناوچە کوردییەکە، لەنزیك شارێی کرماشانو بەغداوە (یەکێك لە گرێ و گرفتەکانی نێوان هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانو یەکێتی سۆڤیەت) هێزی بەریتانی توانی دەسەڵات بەسەر هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچانەدا بگرن.

لـەشـاری مـەهـابـاددا کەهاوپەیمانەکان توخنی نەدەکەوتن، بزوتنەوەیەکی نەتەوەی کوردی لەوانی پێشوو زۆر نوێتر دەرکەوت. لە16ئۆگەستی ساڵی1943تاقمێك لاوی کورد کەزۆریان بازرگانی بچوكو شار بوون کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمـەڵەی ژیانەوەی کورد) پێکەوە نا. لەبەر راگرتنی کار بەنهێنی ئەو پارتە بەژمارەی کەمتر لەسەد ئەندام دەستپێکردو زنجیرەی رێکخستنیان کرد بەشێوەی شانە هەروەك کۆمـەڵەی کوتومت نەتەوەی بوو، چونکە کەسیان بەئەندام نەکردووە ئەگەر لەدایكو باوکێکی کورد نەبوایە. ئەم کۆمـەڵەیە زۆر بەزوویی پەرەی سەند نەتەنها لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا شانەو ئەندامیان هەبوو.

کۆمـەڵەی (ژ.ك) بەم شێوەیە لەماوەی 4ساڵدا کاری سیاسی خۆی بەشێوەیەکی دیموکراسیو مەدەنیانە درێژە پێداو تا ئەوەبوو لەساڵی 1945 کاتێكوەفدی دووەمی کوردەکان سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتیان کرد، لەسەر داوای سۆڤییەتیەکان (ژ.ك) هەڵوەشێندرایەوەو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا.






# پـێـشـەواو کۆمـاری کوردسـتان لـەمـهـابـاد



کابینەی حکومەتی میللی کوردستان، مهاباد، شوباتی ١٩٤٦






تلگراف
IRAN NATIONAL ARCHIVES

وزارت کشور
اداره انتظامات
محرمانه
مقام نخست وزیری
استحضارا بعرض میرساند در سال ۱۳۲۱ ... چند نفر از روسای ایلات و عشایر برای حفظ انتظامات حدود استان چهارم بابت حقوق معینی صادر گردید در سال گذشته نیز طبق تصویبنامه شماره ۲۱۳۴۸-۲۳/۱۲/۱۲ بنام بیشتر نفر از روسای عشایر مهاباد حقوقی از محل اعتبار دولت برقرار گردید.
اینک فرمانداری مهاباد طی شماره گزارش میدهد آقایان روساء عشایر مهاباد که اخیرا در تهران بوده و بمحل خود مراجعت نموده اند بفرمانداری اظهار داشته اند بعضی از مستدعیات آنها بعرض نرسیده از آنجمله برقراری حقوق درباره آقای سلیم آقا معروف باجاق است که منارالیه رئیس یک تیره از ایل منگور و علاقجات او در مرز کشور عراق و در جلوگیری از تجاوزین و سارقین مکرر با قاچاقچی های عراقی جنگ کرده و فائق آمده از نظر تشویق و دلگرمی و اطمینان فرمانداری پیشنهاد کرده است حقوقی مانند سایر روسای ایل در حق منارالیه برقرار شود قسمت دیگر در مورد جناب قاضی که نسبت بحفظ انتظام و آرامش شهر مهاباد علاقه خاصی بخرج داده و موقعی نامبرده در تهران بوده رشرفیابی حاصل نموده از استغناء طبع استدعائی نکرده و چون همیشه دولتخواه بوده فرمانداری درباره نامبرده نیز پیشنهاد نموده اند از طرف دولت بهر وسیله که مقتضی باشد اسباب اطمینان و دلگرمی منارالیه نیز فراهم گردد اینک مراتب را بعرض رسانیده و مستدعی است مقتضیات رای عالی را نسبت باین دو نفر امر بابلاغ فرمایند.
وزارت کشور
۷۹۸





## کارەکانی کۆمار

دەوری حاکمیەتی کۆمار تەنیا یازدە مانگ بووو لەم ماوە کورتەدا زۆر کاری گرنگ جێ بەجێ کران کە نیشانەی ئیمانو تێکۆشانی بێوچانی کاربەدەستانی کۆمار بوو. دەکرێ کارنامەی پڕلەشانازی یازدە مانگەی کۆماری کوردستان لەبوارە جۆراو جۆرەکانی سیاسی، ئابوری، نیزامی، فەرهەنگی، ئاوەدانکردنەوەو دیموکراسی نێوخۆی باس بکەین:

باوەڕ بە دیموکراسی لەڕادەی هەموو ئێرانداو بەشداربوونی هەموو گەلانو هێزە سیاسیەکان لەکاروباری سیاسی روانگەیەکی روونو ئاشکرای دیمووکراسیە کە ڕێبەرانی کۆمارو لەپێش هەمووواندا پێشەوا خوازیاری بوون. هەولدان بۆ گەیشتن بەم مەبەستەو ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە پێشکەوتن خوازەکانی ئەو سەردەمە وەك (حیزبی توودە)، فیرقەی دیموکراتی ئازربایینجانو حیزبی جەنگەڵ لەبەرنامەی کاری حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆماردابوو. مەبەست لەپێك هێنانی ئەم هاوپەیمانێتیە ئەوەبوو کەئەمان لەلایەك خەباتی خۆیان لەکوردستان درێژە پێبدەنو لەلایەکی دیکەوە ببنە هاندەرو پشتیوانێك بۆ ئەو هێزانە تا بەهاوکاری یەکتر بەئامانج بگەن. کۆمار لەماوەی کەمی تەمەنی خۆیدا توانی وەك ڕاستیەك کوردو مەسەلەکەی بەشێوەیەکی واقیعی بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو ڕێکخراوە سیاسیەکانو حکومەندی ناوەندی بناسێنی.لە ئاکامی ئەو هەولدانەدا بەرەیەك لەو ڕێکخراوانە پێکهاتو ئەگەر فێل تەڵەکەی هێزە خاریجیەکان وەك ئەمریکاو ئینگلیس لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە فێلبازی سەرۆك وەزیری ئەو کاتی حکوومەتی تاران و سیاسەتمەدارێکی ناسراوی ئێران نەبا ئەو بەرەیە دەیتوانی دەورێکی باشی هەبێ لە لاواز کردنی حکومەتی ناوەندی بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆرێکی بەرچاوو دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی لەئێراندا.

لەبواری پەیوەندی دەرەوەدا، پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئازربایینجان کەوەك هاوپەیمانی کۆمار حسابی لەسەر دەکراو پەیماننامەی ئابوری نیزامی لەگەلدا مۆر کرابوو دۆستایەتیەکی پتەویان لەگەلدا پێك هاتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە پێکهێنانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ سۆڤیەتو دامەزرانی پێوەندی بازرگانی ئاڵو گۆری کەلو پەلی پێویست لەکارەکانی کۆمار بوون. لەبواری نیزامیدا، لەو ماوە کورتەدا تەشکیلاتێکی ڕێكو پێکی نیزامی دامەزراو نزیك بەدوو هەزار پێشمەرگە دەوریان دیو بەکاری نیزامی ڕێكو پێك ڕاهاتن ئەوە جیاواز بوو لەو هێزە عەشایرییەی کەلە بەرەکاندا ئامادەی بەرگری کردن لە کۆمار بوونو ژمارەیان زیاتر لەدوازدەهەزار کەس بوو. ئەم هێزە سەرەڕای پلانی دوژمنانو کەسانی سەربەوان توانی لەچەندین شوێن لە ئاست هێزەکانی ناوەندیدا رابوەستێو زەبری باشیان لی بوەشێنێ. هیزی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەت بەشێك لەبارزانیەکان بەپێی پەیمانی هاوکاری دوولایەنە لەگەڵ حکومەتی ئازربایینجان بەرەنگارییەکی قارەمانانەیان لەئاست هێزەکانی ناوەندیدا لەناوچەی تیکاب کرد.

سەرەڕای زاڵ بوونی سیستمی دەرەبەگایەتی بەسەر کۆمەڵی کوردەواری ئەو کات لەکوردستانی ئێراندا، بەهۆی دڵ گەرم بوونی خەڵك بەکۆمار ڕادەی بەرهەمی کشتوکاڵ لەماوەی تەمەنی کۆماردا چووە سەرێو سیستمی بازرگانی ئازاد مەودای ئەوی دابوو کە ئاڵو گۆری بازرگانی نێوان کۆماری کوردستانو کۆماری ئازربایینجانو یەکیەتی سۆڤیەت، پێك بێت. بەو پێیەش ڕادەی داهاتی خەڵك روو لەزیاد بوون بووو ئەم وەزعە بەهۆی وەرگرتنی مالیات بە قازانجی کۆماریش بوو. بۆوێنە فرۆشتنی ڕاستەوخۆی بەرهەمی توتنی کوردستان بەیەکیەتی

سۆڤیەتو ...
پێویست ...
باشی لەس...
دانابوو.
لەبار...
هێندێك ...
كوردی ...
پێك هات...
شارەزاو...
بارزانیەكا...
ئێران و ...
كلاسی ك...
نهێنی-نی...
دوای دام...
كوردستان...
یەكەم ج...
ئاشكرا ب...
لەم پەیو...
بەوە بكر...
مامۆستای...
(محەمەد...
مامۆس...
زەندو...ه...
دەورێ...
بەرنامەی...
بەزمانی...
كـەمـەدا...





اداره
دائره
تاریخ ۲۹/۱/۲۶
شماره ۱/۷۵۸/۴۹۱
پیوست
موضوع

وزارت کشور
شهربانی کل کشور

در جواب مراسله حروف و اعداد ممیزه که متمم شماره است با شماره ذکر شود

وزارت کشور

باستحضار میرساند . شهربانی مهاباد گزارش میدهد :
۱ـ حمید باروخی ۲ـ محمد ناظمی ۳ـ عبداله روشنفکر ۴ـ رسول نقده ازافسران دمکرات های مهاباد وازهمدستان محمد قاضی که در جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر زمان جنگ باعدام محکوم و درتبریز زندانی بوده اند شب ۲۶/۱/۱۷ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس‌ازاجرای مراسم مذهبی ومقرراتی درمیدان پهلوی واقعه درخیابان بچوبه دار ...

IRAN NATIONAL ARCHIVES

دفتر نخست وزیر

نوع پیش نویس
موضوع پیش نویس
پیوست
باکنویس کننده

شماره عمومی
شماره خصوصی
جزوه دان
پرونده

تاریخ نوشتن
تاریخ ثبت

IRAN NATIONAL ARCHIVES

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۵۰۹-۱۵-۱۱۶۰۰۷ می‌باشد.





...ـە بەرەکاندا
...ـمار بوون‌و

...ـرای پلانی
...ـوان توانی
... هێزەکانی
...باشیان لێ
...کوردستان
...ـان بەپێی
...ـە لەگەڵ
...ـگارییەکی
... ناوەندیدا

... سیستمی
...کوردەواری
...ـدا، بەهۆی
...ـمار ڕادەی
... تەمەنی
... بازرگانی
...ـاڵ‌و گۆڕی
...کوردستان‌و
... سۆڤیەت،
...ـاتی خەڵك
...ـعە بەهۆی
... کۆماریش
...ـتەوخۆی
...بەیەکیەتی

سۆڤیەت‌و واریدکردنی هەندێك کەل‌و پەلی پێویست لەوێوە بۆکوردستان شوێنەواری باشی لەسەروەزعی ئەو کاتی کوردستان دانابوو.

لەباری فەرهەنگیەوە هەرچەندە هێندێك بناغە بۆ خوێندن‌و نووسینی کوردی لەنێو لاوەکان‌و تازە لاوەکاندا پێك هاتبوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستای شارەزاو ئەفرادی کوردیزان لەگەڵ بارزانیەکاندا هاتبونە دیوی کوردستانی ئێران و لەبەر بوونی شارەبانیی مەهاباد کلاسی کوردی شەوانە بەشێوەی نیوە نهێنی-نیوە ئاشکرا دامەزراو بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و دوای دامەزراندن کۆمار،بۆ یەکەم جار خەڵك توانیان بەشێوەی ئاشکرا بەزمانی زگماگی خۆیان بخوێنن. لەم پەیوەندیەدا جێی خۆیەتی ئیشارە بەوە بکرێ کەکارو تێکۆشانی بێ‌وچانی مامۆستایانی قوتابخانەی کوردی وەك (محەممەد تۆفیق‌وردی‌و عوسمان دانش‌و مامۆستا جەمیل‌و قانع و کەریم زەندو...هتد)

دەورێکی بەرچاوی لە بەڕێوەچوونی بەرنامەی فێرکردنی خوێندن‌و نووسین بەزمانی کوردی هەبوو.هەر لەوماوە کەمەدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك لەقوتابخانەکاندا فێری خوێندن‌و نووسینی کوردی بوون‌و لەکلاسەکانی شەوانەشدا گەورەسالان خەریکی خوێندن بوون .جیا لەوە زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی بلاودەبوونەوە، وەك ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و گۆڤاری کوردستان‌و گولالە هەلالەو هاواری نیشتمان‌و گڕوگاڵ بۆ منالان. ئەم بلاو کراوانە دەوڕێکی باشیان لەسەر پێکهێنانی ئالوگۆر بەسەروەزعی فەرهەنگی ئەو کاتدا هەبووە. یەکێکی دیکە لەو کارە گرنگانەی کۆمار لەباری فەرهەنگییەوە بریتی بوو لەوەی کەبەسەدان کەس ڕۆڵەی زەحمەتکێشان کە لەبەر نەداری‌و فەقیری‌و کاری سەخت‌و دژوار ئیمکانی خوێندنیان نەبوو. بەسەر بنەماڵە دەوڵەمەنەکاندا دابەش کران تالەو ڕێییەوە ئیمکانی ژیانێکی بەئاسودەیی‌و خوێندنیان بۆدابین بکرێ. زۆربەی ئەوان دوای کۆمار درێژەیان بەخوێندن داو پێگەیشتن. پێراگەیشتن‌و ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ خوێندنی ئەم کەسانە لەلایەن کۆمارەوە چاودێری دەکرا. هەروەها بۆ یەکەم جار تیئاترو شانۆگەری هاتە مەیدان. شانۆگەرەکان شاربەشار دەگەڕان‌و هونەری خۆیان دەنواند. ئەم بەشە لەهونەر دەورێکی بەرچاوی لەبردنە سەری ڕادەی فیکری‌و فەرهەنگی خەڵکدا هەبوو.

بۆیەکەم جار لەرۆژی چواری رەشەمێ 1324دا یەکیەتی ژنانی کوردستان پێکهات کە مینا خانم هاوسەری پێشەوا باقی کادرو بەڕێوەبەرانی حیزب تێیدا بەشداربوون و بۆیەکەم جار ژن توانی لەکوردستانی ئێرانداو لە کۆرە گشتیەکاندا بیروڕای خۆی دەربڕێ‌و لەڕێورەسم‌و جەژنەکاندا بەشداری بکات. هەروەها یەکیەتی لاوان پێکهات کە ئەو دەم دەیتوانی لەبەرەکانی شەڕدا بەشداربێ ئەرکی ئامووزشی بەئەستۆ بگرێ. لەو ماوەدا نزیکەی 80کەس لەو لاوانەبۆخوێندن لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سیاسی‌و نیزامیدا بەرێ کران بۆ باکۆو تەورێز. مافی دیموکراتێك بە شێوەیەکی بەربلاو بەڕێوە دەچوو. ژمارەیەکی کەم جوولەکەو ئەرمەنی کە لە شارەکانی ئەودەمی کوردستانی ژێر چاودێری کۆماردا دەژیان بەتەواوی مانا ئازاد بوون کە قوتابخانە دابنێن، لەرێ‌و رەسمەکاندا ڕیزی تایبەتی خۆیان هەبوو فەرهەنگ‌و کلتووری خۆیان گەشە پێدەداو لەبواری حیزبایەتیدا شانەو حەوزی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەروەها بەشێك لە ئەرمەنیەکان لەسەر داخوازی خۆیان چوونە ئەرمەنستان. بێگومان ئەوە نموونەیەکی زیندووی ڕوانگەی بەهێزی دیموکراسیە لە ڕێبەرایەتی ئەو کۆمارەو ڕێبەرایەتی حیزب لەو کاتەدا.



## یەکەم: لەبواری سیاسیدا

1- پێوەندی نزیکی دۆستایەتی لەگەڵ کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتو یەکیەتی سۆڤیەت.
2- هاوپەیمانی لەگەڵ کۆماری ئازربایجان.
3- پێکهێنانی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیکەی ئێران.
4- ناساندنی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان بە بیرورای گشتی لەرێگەی چاپەمەنیووتووێژی رۆژنامەیی.
5- راکێشانی هەندێك هەواڵنێری خاریجی بۆ کوردستان.
6- بەرزکردنەوەی ئالآی کوردستان رەسمیەت دان بە مافە رەواکانی،ساخ بوونەوە لەسەر ئارمی حیزب (دوو گوڵە گەنمو قەڵەمو تیشکی رۆژ).
7- بەرزکردنەوەی هەستی کوردایەتی بەشێوەیەکی گشتیو لەبار بەتایبەت دوای تێکشکانی شۆرشەکانی شێخ مەحمود، ئیحسان نوری پاشاو سمکۆ.

## دووەم : لەبواری دیموکراسیدا

1- بەشداری کردنی ژنان لەسیاسەتداو پێکهێنانی یەکیەتی ژنانی کوردستان.
2-لەبەچاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان.
3- دانانی قانونو یاساو بەرێوەبردنی تا ئەو رادەی گونجاوەو ئیمکانی هەبووە.
4- بایەخدان بەمافی کەمایەتیەکان بەتایبەت لەبواری فەرهەنگیدا.
5- بەشداری کردنی هەموو چینو توێژەکان لەکاروباری حکومەتیدا.

## سێهەم: لەبواری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیدا

1- رەسمیەت پێدانی زمانی کوردی بۆ خوێندنو بەرێوەبردنی کاروباری ئیداری.
2- یەك رەنگکردنی جلو بەرگی قوتابیان لەسەر بودجەی کۆمارو هەڵگرتنی فەرقو جیاوازی.
3- ئیجباریکردنی خوێندن بۆ مندالآنو لاوەکان لەشارەکاندا.
4- پشگیری لەبێکاریو نەخوێندەواری گەورە سالآن.
5- دانانی فەقیر خانەو هەتیوخانە.
6- دامەزراندنی چاپخانەو دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانو چەند گۆڤاری دیکە.
7- دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرهەنگی لەگەڵ ئازربایجانو یەکیەتی سۆڤیەت.
8- دانانی بنچینەی تیئاترو سینەما لەکوردستان.
9- ناردنی قوتابی کورد بۆ درێژە پێدانی خوێندن بۆ باکۆو تەورێز.

## چوارەم: لەباری ئابوورییەوە

1- ئازادکردنی بازرگانی بازرگانیو دەرخستنی لەدەست حکومەت.
2- هەوڵدان بۆ بەرێوەبردنی شێوەی نوێی کشتوکاڵیو هێنانی تراکتۆر بۆیەکەم جار بۆ کوردستان.
3- دامەزراندنو گەشەپێدانی شەریکەیەکی گەورەی بازرگانی بەناوی (تەرەقەتی).
4- دامەزراندنی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ئازربایجانو ئازربایجانی سۆڤیەت بەتایبەت بۆ فرۆشتنی تووتن، خوری،کەتیرەو هێنانی هەندێك کەلو پەلی بەکەلك تر بۆ کوردستان.

## پێنجەم : لەبواری نیزامیدا

1- چەکدار کردنی خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەرگری کۆمار.
2- تەعلیم دانی نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی رەسمی بە شێوەیەکی ئوسولی.
3- دەرەجەبەندیو پێکهێنانی سیستم.
4- دانی یارمەتی بەوانە بەپێی دەرەجەو لێهاتووی.
5- پێکهێنانی سێ بەرەی شەر لەسەردەشت، سەقز، تکاب بەهاوبەشی ئازربایجانو بەرگریەکی باش لەهاتنە پێشی دوژمن تا دوایین رۆژەکانی تەمەن.

## تێکچوونی کۆمار و هۆیەکانی

کۆماری کوردستان وەك دامەزراوێکی سیاسی دیموکراتێك لە هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکەدا ببووە چقلی چاوی ولآتانی ئیمپریالیستی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و نۆکەرەکانیان لە ئێراندا. هەر بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی تێك چوونی ئەم کۆمارەو کۆماری میللی ئازربایجانیان دەدا. بەهۆی ئەم پیلانگێرانەو هێندێك هۆی ناوخۆیی و دەرەوەی دیکە بوو کرۆژی 26ی سەرماوەرزی ساڵی 1325 واتە ساڵێك دوای هەلکردنی ئالآی کوردستان و دەست بەسەرداگرتنی شارەوانی مەهاباد، ئەرتەشی ئێران هاتەوە نێو شاری مەهاباد و بەم شێوەیە کۆتایی بەتەمەنی کۆمار هێنا. فەرماندەری هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی سەرتیپ هومایونی بوو.

دەکرێ بە شێوەی خوارەوە ئاماژە بە هۆیەکانی تێکچوونی کۆمار بکرێ

1- وەگەرکەوتنەوەی خالەکانی ژمارە پێنج و شەشی پەیمانی ئیتحادی سێ قۆلی نێوان ئیران، بەریتانیا و یەکیەتی سۆڤەیەت، لەسیاسەتی نێو نەتەوەییدا، کە بریاری چۆلکردنی خاکی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە دوای شەش مانگ لەتەواو بوونی شەر لە کۆنفرانسی ساڵی1943ی تاران کە لەوەدا روزفێلت و چەرچل ستالین بەشداری بوون.

2- بەربینگ گرتنی ئەمریکا و ئینگلیز بە یەکیەتی سۆڤیەت لەمەر بەرێوبردنی قەراری پێشوویان لەسەر چۆلکردنی ئێران و ئیعترازی ئەوان لە پشتیوانی کردنی سۆڤیەت لە دوو کۆماری ئازربایجان و کوردستان و کەم دەسەلآتی یەکیەتی سۆڤیەت لەباری سیاسی و ئابووری بۆماوەیەکی درێژ پاش شەری دووهەمی جیهانی.

3- سەفەری سەرۆك وەزیری ئێران بۆ مۆسکۆ و دانی بەڵێنی مۆرکردنی قەراردادی نەوتی شیمال.

4- درێژەی باسەکانی خاڵی 3لە دانیشتنەکانی قەوام و سادچێکوف باڵوێزی یەکیەتی سۆڤیەت لەتاران و دانی قەراری هێنانە گۆری ئیمتیازی نەوت دوای حەوت مانگ لەدەورەی پازدەهەمی مەجلیسی شورادا.

5- بەدەستەوە بوونی دەسەلآت لەدەست هێندێك لە ئەفرادی ناسالم و نالآیقدا.

6- ناتەبایی نێو خۆیی و سازدانی هێندێك دەرەبەگ و شێخ و مەلا لەبنەوە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندیدا.

7- ماندووبوونی خەڵك لە حاڵەتی وەستانی بەرەکانی شەر و نەدانی ئیزنی بەرەو پێش چوون و هێرش کردن بۆسەر دوژمن.

8- رێگەدان بۆبردنی ئازوقە بۆهێزی دوژمن کە لە پادگانەکانی بانەو سەردەشت تووشی برسیەتی ببوون.

9- تێکچوونی کتوپری ئازربایجان بەهۆی خیانەتی دکتۆر جاوید، وەزیری نێوخۆیی ئەم حکومەتە هاوپەیمانەی کوردستان. هەروەك پێشتر باسمان کرد، بارزانیەکان کەلە مەهاباد و دەوروبەری نیشتەجێ ببووە هێزێکی چەکداری کارامەیان هەبوو کە دەگەیشتە نزیك دووهەزارکەس و سەرۆکی ئەم هێزە چەکدارە واتە مەلا مستەفا بارزانی پلەی ژێنراڵی لەلایەن کۆمارەوە پێ بەخشرا سێ کەسی دیکە کە لەلایەن حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە ئەم پلەیەیان پێ بەخشرا کە بریتی بوون لە: سەیفی قازی، عومەر خانی شەریفی، رەئیسی عێلی شکاك و حەمە رەشیدخانی بانە.








کابینەی حکومەتی میللیی کوردستان، مهاباد، شوباتی ١٩٤٦











رۆژی 24ی سەرماوەرزی 25 کۆبونەوەیەکی ڕێبەرایەتی کۆمار پێك هات و بریار درا کە هێزی چەکدار بۆ بەرەکانی دژی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی ساز بدرێن، بەڵام دوا بڕیاریان دانا بۆ کۆبونەوەی ڕۆژی دواتر کەدەبوو لەمزگەوتی هەباس ئاغا پێك بێ.لەم کۆبەنەوەدا نوێنەرانی خەڵکی مەهاباد و کاربەدەستان و وەزیرەکانی کۆماریش بەشدار بوون و لەوێ قازیمحەمەد بەشێوەیەکی دیموکراتیانە پرس و ڕا بەخەڵکەکە دەکات.پێشەوا مەلامستەفا و سەدری قازی پێیان وابوو کەدەبێ پشگیری لەهاتنی ئەرتەش بکرێ.بە پێچەوانە لەناو خەڵکی شاردا ژمارەیەك پێیانوابوو کەبەرگری کردن کارێکی بەقازانج نیە.لەوانە مەلا عبداللە مدرسی و مەلا حسێن مەجدی لەسەر ئەو بۆ چونە قسەیان کرد.پێویستە بگوترێ کە بارزانی داوایەکی زۆر لە قازی محەمەد دەکا کە بڕیای بەربەرەکانی بدات و ئاخر داوای ئەوە دەبێ کە قازی محەمەد خۆ نەداتە دەست هێزەکانی دەوڵەت و بەڵێنی گوێ ڕایەڵی و بەڕێوەبردنی هەر چەشنە فرمان و دەستورێك بێت کەپێی دەدات،بەڵام پێشەوا قبوڵی ناکات و دەڵێ من لێرە دەمێنمەوەو تا سەر لەگەڵ خەڵکەکە دەبم.دوای قازی محەمەد دەستور دەدات کە بارزانیەکان هەرچیان لە چەك و ئازووقە پێویستە،بیان درێتێ .پاش ماوەیەك وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە پێکهێنانی ژیانێکی بەئاسودەیی لە کوردستانی عێراقدا کە لەلایەن ئینگلیزەوە زەمانەت کرابێ و،سەرنەگرتنی ئەم مەسەلەیە شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ زۆربەی بارزانیەکان لە13ی ئاپریلی1946دا گەڕانەوە ناوچەی بارزان.

بەدوای تێکچونی کۆمار، بێجگە لەپێشەوا هاوڕێکانی کەلە پادگانی مەهاباد زیندانی و موحاکەمە کران وەزیرەکانی کۆمار و زۆربەی بەرپرسانیش گیران و زۆربەیان بۆ موحاکەمەکردن بەرێ کرانە شارەکانی ورمێ و تەورێز، دوای حکومدرانیپێشەواو یارانی، موحاکەمەکردنێکی دیکە لەمەهاباد پێك نەهات و لەشوێنەکانی دیکە بەڕێوە دەبران.ئەفرادی بەڕێوبەری دادگای پێشەواو یارانی،هێندێك لەئەفسەرانی کۆماری ئازربایجانیشیان موحاکەمەو مەحکوم کرد و لەگۆرستانی مەلا جامی تیر بارانیان کردن.پێش موحاکەمەکردنی قازییەکان لەبەرئەوەی کەڕژێم هیچ چەشنە مەدرەك و بەڵگەیەکی دژی خەڵك وەدەست نەکەوێ،هەموو بەڵگەو لیستەکانی چەك و چۆلی کۆمارو دابەش کراو بەسەر خەڵکدا سووتێندرا ،قازی محەمەد بەوپەری فیداکارییەوە لە دادگادا بەرپرسیارێتی سوتاندنی ئەو بەڵگەو لیستانەی بە ئەستۆ گرت.

روحیەی بەرزی پێشەوا و هاوڕێکانی لەکاتی موحاکەمە کردن لە بێدادگای نیزامیدا،نموونەی هەرە بەرچاوی شۆڕشگێڕی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری ئەوان بەگشتی بوو.بەتایبەت پێشەوا لە دیفاعیاتی خۆید کەچەندین سەعاتی خایاند لەراستیدا لەو بێدادگایە،بەرگرییەکی شیاوی لەمافی ڕەوای گەلەکەی کرد و حکوومەت و نیزامی زاڵ بەسەر گەلانی ئێرانی موحاکەمە کرد.هەروەهاقسەکانی پێشەوا لەکاتی لەسێدارەدانیان لە گوێی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەردا دەزرنگێتەوە و هاندەرێکی باشە بۆ تێکۆشان و فیداکاری لەرێگەی وەدی هێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستاندا.بەشێك لەو بەرپرسانەی کۆماری کوردستان لەسێدارە دران بشێکیان بەزیندانی درێژ خایەن مەحکووم کران. لەنێو وەزیرەکاندا زیاتر لەهەموویان خوالێخۆشبوو مام ئەحمەد ئیلاهی زیندانی کراو حەوت ساڵ لەزیندان مایەوە. کەریم نازمی برا گەورەی شەهید محەمەد نازمی لەبەندیخانەی (قصر)و هاشم هەمزەیی لەبەندیخانەی مەراغەدا کۆچی دواییان کرد. زۆر کەسیش بۆ شارەکانی وەك ئەسفەهان،کرمان،شیراز،مەشهەدوتاران دوور خرانەوە کەئێستاش تاق و لۆق خۆیان ئەگەر مابن یان بنەماڵەکانیان هەر لەم شوێنانە نیشتەجێن.هەروەهابەشێك لە کاربەدەستانی کۆمار پەریوەی کوردستانی عێراق بوون کە قازی کاکە حەمەی بۆکان ،حەسەن قزڵجی ،مامۆستا هەژار ،ڕەحمان زەبیحی،ئیبراهیم نادری و زۆر کەس لە قادرییەکان عەشیرەتی مامەش لەڕیزی ئەو کەسانە بوون.لەسەرجەمی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ڕژێمی سەڵتەنەتی لەگەڵ هێندێك لە بەرپرسانی پایە بەرزی کۆمارو نەمانەوەی زۆربەیان لە بەندیخانەکانی ڕژێم دا.لەبەراوردی ئەوەی هێندێك لەبەرپرسانی ڕەدەی خوارتر ئیعدام کران،شك و گومانێکی زۆری لەنێو خەڵکدا بەرامبەر بە کاربەدەستانی پایی بەرزی حاجی بابە شێخ و هێندێك لەوەزیرەکان و بەرپرسانی دیکە هێنایە گۆڕێ.لەئەنجامی دادگای کردنەکاندا قازی محەمەد و سەدری قازی ومحەمەد حسێن سەیفی قازی، بەئیعدام مەحکوم کران وبەرەبەیانی10ی خاکەلێوی1326 لەمەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد لەسێدارە دران.ڕاست حەوتوویەك دواتر لە17ی خاکەلێو ،حەمید مازووچی ،عبداللە ڕۆشنفکر ،محەمەد نازمی و ڕەسووڵ نەغدەیی هەر لەچوار چرای مەهاباد لەسێدارە دران.

## ئارچی روزوێلت دەڵی :

سەرەرای هەموو ئەو خەبات و تێکۆشانە ،ئاکارو بەرهەمی کاری کۆمار ،نەگەیشتە رادەی ستانداردی دووشوێنی تری ناوەندی کلتووری کورد ،کەکوردەکان لەوێندەرێ لەماوەی 25 ساڵدا خوێندن و نووسینیان بەئازادی هەبوو،بەڵام لەباری سیاسیەوە مەهاباد لانی کەم وەك نوختەیەکی لێهاتبوو کەلە هەموو لایەکەوە چاویان تێ بڕیبوو، لەنێو کۆمەڵی ڕووناکبیری کورد لەبەیروت و ئەستەمبوڵ و بەغداوە بگرە هەتا کێوە بەرزو چڕەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا ،هەموولایەك بەتێکڕایی چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بزانن ئایا قازی محەمەد سەردەکەوێ یان تێکدەشکێ.نەك هەر لەلایەنە کۆروکۆمەڵی کوردی لەبەغدا، بەڵکو لەلایەن کوردەکانی سووریی‌ەوە تورکیەش پێوەندی لەگەڵ قازی دەگیرا و نامەو پەیامی بۆ دەنێردرا. رووی جولانەوەکەی ئەو، زیاترو زۆرتر بەتایبەتی لەو گەنجانەبوو کەپێیان وابوو حزبەکانی پێشووی کوردی بەباشی ئەرکی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە، بۆ وێنە لەعێراق حزبێکی نهێنی چەپ،بەنێوەی رزگاری دامەزرا کەنیشانەیەك بوو لەو چەشنە بۆچوون و بیرکردنەوەیە.

## کریس کوچرا دەڵێ :

کۆماری مەهاباد هەرچەندە ناوچەیەکی بچوك بوو، تەمەنی حکومەتەکەی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام لەراپەرینی نەتەوایەتی کورد لەمێژوودا جێگایەکی بەرز و بەرێزی هەیە. ئەوە یەکەم بزوتنەوەی کورد بوو پێی دەوترا (روناکبیرەکان)ئەو ڕاپەرینە بەڕێوەدەبەن، ئەگەر کۆماری مەهاباد بەردەوام بایە، کوردەکان بەدنیایان نیشان دەدا کەکورد بەراستی ملهوڕ نییە، بەڵکو توانای ئەوەی هەیەکەخۆی بەڕێوە بەری.

## مەحمود مەلا عیزەت دەڵێ :

-گەورەترین گۆڕانی سیاسی و ڕوداوی نەتەوایەتی بوو لەمێژووی نوێی کوردا.

-هاندەرو بزوێنەری بوژانەوەی مێژوو و ئەدەب و زمان و هونەرو فەرهەنگی کوردی بوو.

- بوژێنەرەوەی ئابوری وڵات بوو.

-دامەزراندنی قەوارەیەکە سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد بوو.

-بووە هۆی گەشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەرانسەری کوردستاندا.

-دامەزراندنی سوپایەکی چەکدار بەرهەمێکی گرنگی هەبوو.

-دامەزراندنی دەستگاکانی کۆمار توانای توانای نەتەوەی کوردی ئاشکراکرد.

-دەست پێکردنی جولانەوەی جەماوەری لاوان و ئافرەتان بەرهەمێکی تر بوو.

## نەوشیروان مستەفا دەڵێ :

قازی محەمەد لەنێو کورددا پایەیەکی زۆر بەرزی هەبوو،هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران وەکو(مەلا مەعروفی کۆکەیی ،هەژار ،هێمن ،خالەمین ،حەقیقی ،سید کامل،علی بەگی حیدری ......

شیعریان لەستایشدا هۆنیوەتەوە .لەسەردەمی ژیانی خۆیدا شاعیر و نووسەر و سیاسی سەرانی ئێل و مەلا و گەورە پیاوانی کورد هەمیشە بەرێز و ستایشەوە ناویان ئەبرد.قازی ببو بەرەمزی ئازادی و سەربەستی کورد.لەسێدارەدانی هەموو خەڵکی هەژاند.دوو کەس لە ئەدیبە هەرە بەرزەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق پیرەمێرد و ئیبرایم ئەحمەد ،هەریەکەیان بەم بۆنەیەوە شیعرێکیان داناوە کەلەریزی شاکارەکانی ئەدەبی سیاسی کورد دائەنرێت.پیرەمێرد شعرەکەی خۆی بەناوی(وەلی دێوانە)لە ژێر سەردێری(نائومێدی)داو ئیبرایم ئەحمەد کەئەوسا هەم خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(گەلاوێژ) وهەم بەرپرسی لقی عێراقی کۆمەلەی ژ. ك بوو شیعرەکەی لەژێر سەردێری(یاران)داهەردوو شیعرەکە لەگۆڤاری(گەلاوێژ)دا بلاوکراونەتەوە.

## سەرچاوەکان

1- پەنجا ساڵ خەبات ......................
جەلیل گادانی

2- چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی............ د.عبدالرحمن قاسملۆ


3- حکومەتی کوردستان........................
.. نەوشیروان مستەفا ئەمین

4- اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش.. ..
و/محمد رضا سیف قاضی

5- گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت......... ئارچی ڕۆزیفیلد

6- نیو سەدە تێکۆشان.........................
..... عەبدوڵای حسن زادە

7- جمهوریەتی کوردستان .....................
........ مەحمودی ملا عززەت






























خاوەنی ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران عەبدوڵڵا

ئامادەکردنی
جەمال لۆلۆ

سەرکۆماری شەهید

ساڵی بیستەم - ژمارە (5442 ) هەینی (1/ 4 / 2011)